Vägverket



# دڵنیایی لە سواربوونی ئوتومبێلدا

## – بەم شێوەیە ژیانی خۆت و منداڵەکەت دەپارێزیت

Information på sorani

# لەپێناوی دڵنیایی ژیانی خۆتدا

لەم نامیلکەیەدا زانیاری  لەسەر چۆنیەتی زیاترکردنی دڵنیایی لەناو ئۆتۆمبیلدا دەدۆزیتەوە. هەروەهارێنمایی لەسەر چۆنیەتی سواربوونی منداڵ بەدڵنیایی بەدەست دەهێنیت، هەروەها خۆت چۆن دەتوانیت مەترسیەکانی بریندار‌بوون کەم بکەیتەوە.

## دڵنیایی لە حاڵەتی  پێکداداندا

کاتێک ئۆتۆمبیل لە پێکدادانێکدا ڕزگاری دەبێت، بیرۆکەیەکمان لەسەر چۆنیەتی دڵنیایی ئۆتۆمبیلەکە پێدەبەخشێت. لەبەر ئەوە چەندین شێوەرێگای جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی چۆنیەتی دڵنیایی لە حاڵەتی  پێکدادانی ئۆتۆمبیلدا، بۆ ئەوەی پاشان کڕیارانی لێ ئاگادارکرێت. لە سوید زانیاری بۆ کڕیاران لەسەر چۆنیەتی دڵنیایی لە حاڵەتی  پێکداداندا لە دوو سەرچاوەوە بەدەستدەهێنرێت- لە Euro NCAP و لە فۆڵکسام Folksam ەوە.

## ئاساییترین ئەزیەت گەیشتن بە مل وپێلەشە

ساڵانە ۲۰ ۰۰۰ سویدی ئەزیەت بەملیان دەگات کە پێی دەگووترێت وپێلەش (wiplash). دیارە ئاساییترین هۆکاری وپێلەش ئەوەیە کە لە دوواوە پێکدادان لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکەتدا بکرێت. ڕەنگە وپێلەش لە حاڵەتی ڕووداوی پێکدادانی ڕووبەڕوو، لە وەرگەڕانی تاکە ئۆتۆمبیل و هەندێک جار تەنانەت لە ڕووداوی بەدەر لە ژینگەی ئۆتۆمبیل لێخوڕیندا ڕووبدات. باشترین شێواز بۆ خۆپاراستن لە دژی وپێلەش لە جۆرە جیدیەکەی، ئەوەیە کە ئۆتۆمبیلکی وا هەڵبژێریت کە کاریگەرانە پاراستنت بۆ فەراهەم بکات.  ئێرباگ، پاڵپشتی کەڵە و چۆنیەتی گونجاندنی کوشن گرنگن بۆ خۆپاراستن لە دژی وپێلەش.

## بار دڵنیا دانێ

لە حاڵەتی ڕووداوی پێکدادان یان ئیستۆپی قایمدا، هەموو تەنێکی نەبەستراوە بە توندی بۆ پێشەوە دەردەپەڕێت. مرۆڤ بەهۆی قایشەوە لەجێگەی خۆی ناجمێت و سندووقی ئۆتۆمبیلیش بۆ بار دڵنیاترین جێگەیە. چەند بکرێت بار لە نزمایی دابنێ، جا یان لە سندووقی ئۆتۆمبیلدا یان تەلبەندی بکە. بەستەرەی جێگیرکەر یان ئەڵقە و قولاپ بەکاربهێنە. هەرگیز بە نەبەستراوەیی کەلوپەلی قورس لە ئۆتۆمبیلدا دامەنێ، بۆ دڵنیایی هیچ نەبێت قایشەکان بۆ بەستنەوەی بار بەکەربهێنە.

## بیر  لە پاراستنی مل بکەرەوە

- پاڵپشتی کوشنەکە ڕاست بکەرەوە
- پاڵپشتی کەڵە واداینێ کە بەتەواوی پشتگیری لە کەڵەت بکات. وا چاکە پاڵپشتی کەڵە بگاتە تەپڵی سەر.
- نزیک بە پاڵپشتی کوشن و پاڵپشتی کەڵە دابنیشە.
- مەودایەکی باش لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکەی بەردەمی خۆتدا وەرگرە.
- گەر فریاکەوتی لە ئاوێنەی پشتەوە ببینیت وا خەریکە لەدواوە لێت دەدەن، سەرت  بنووسێنە بە پاڵپشتی کەڵەوە و ملت بەملاولادا مەجوڵێنە.



# ئێرباگ بەشێکە لە سیستمی دڵنیایی ئوتومبێل

ئێرباگ و قایشی ئۆتومبیل پێکەوە سیستمێکی دڵنیایی باش پێک دەهێنن، هەروەها مەرجە تۆ هەمیشە بە قایش خۆت بەستبێتەوە بۆ ئەوەی ئێرباگ کاریگەرانە بە دڵنیایی ڕێکوپێک کاربکات. گەورەترین مەترسی کە لە حاڵەتی پێکدادانی ڕووبەڕووودا بەرپا دەبێت ئەوەیە، کەللە و سنگ بەتوندی بەر سوکان، داشبڵ، جام یان ستونی لاتەنیشتیەکانی پێشەوەی ئوتومبیل دەکەون. بە بەکار هێنانی قایش مەترسی بریندار‌بوون بە تەواوی کەمدەبێتەوە. بەهاوکاری لەگەڵ ئێرباگدا مەترسیەکە لەوەش کەمتر دەکەنەوە.

## ئێرباگی لاتەنیشتیەکانی مەترسیان نیە

لە هەندێک ئۆتومبیلدا تەنەنەت ئێرباگ لە لاتەنیشتەکانیشدا دروستکراوە. گەر منداڵ بە ڕێکوپێکی لە کورسیلەی ساواپارێز یان بەروپشتدا لەشوێن خۆی جێگیر کرابێت، مەترسی کەمە بە ئێرباگی لاتەنیشت بریندابێت.

## ئێرباگ لە شوێنی کوشنی نەفەردا لەکاربخە

ئێرباگی نەفەر ئاستەنگی بۆ دەرفەتی بەکارهێنانی کورسی منداڵ پارێز بە بەروپشتی لە پێشەوە دروست دەکات. بۆ ئەوەی خۆت لەم مەترسیە بپارێزیت مەرجە ئێرباگی نەفەری پێشەوە لەکاربخەیت، یان منداڵ و کەسانی کورتە باڵا لە دوواوە سواربکەیت . ئەو کۆمپانیانەی ئۆتومبیل دروست دەکەن چەندین سیستمی تەکنیکی جیاوازیان هەیە بۆ داخستنی ئێرباگی نەفەری پێشەوە. لێگەڕێ فیتەرێکی شارەزا ئێرباگەکە لەکاربخات، گەر ئۆتومبیلەکەت لەو جۆرانە نیە کە خۆت بتوانیت بە کلیل دایبخەیت. هەندێک ئۆتومبیلی وا هەیە کە ناکرێت ئێرباگەکەی لەکارخرێت.

## نیشانەی ئاگاداری




ئەو ئۆتومبیلانەی لە شوێنی نەفەری پێشەوەدا ئێرباگیان تیایە بە نیشانەیەک دیاریکراون کە بە ڕوونی ئاگادارت دەکەنەوە لە دامەزراندن و بەکار هێنانی کورسی منداڵ پارێز لە کوشنی نەفەری پێشەوەدا. گەر نیشانەی ئاگاداری پێوە نەبوو، دەتوانرێت لای فرۆشیارە شارەزاکانی ئۆتومبیل دەست دەکەون یان لای فەرمانگەی سویدی بۆ پشکنینی ئۆتومبیل (Svensk Bilprovning).

# پێکدادانی ڕووبەڕوو بەخێرایی ٩٠ کم/کاژێر وەک ئەوە وایە لە نۆهەمین نهۆمی تەلارێکەوە بکەویتە خوارەوە

ڕەنگە لێخوڕین بەخێرایی زۆر بەهەمان شێوە وەک ئەوەی لە تەلانێک یان سەربانی خانویەکی بەرزەوە بکەوینە خوارەوە مەترسیدار بیت. بەڵام خێرایی وەک شتێکی ترسناک نابینین کاتێک سواری ئۆتۆمبیل دەبین. هەست بە مەترسی کەوتنە خوارەوە لە بەرزاییدا دەکەین، کەچی هەستناکەین چەند ترسناکە، گەر بەخێرایی ٩٠ کم/ کاژێر تووشی ڕووداوی پێکدادان ببین.

## خێرایی زیانەکان یەکاڵادەکاتەوە

خێرایی لە چرکەساتی پێکداداندا بەتەواوەتی یەکاڵایدەکاتەوە ئاکامی زیان لێکەوتن چەند سەخت دەبێت لە حاڵەتی ڕووداوی هەتووچۆدا. بە گشتی خێرایی زۆریش دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوی زۆر.

## خێرایی زیاتر ، مەودای ئیستۆپ درێژتر دەکاتەوە

کاتێ خێرایی زیاتر دەکەیت، مەودای ئیستۆپی ئۆتۆمبیل زۆر درێژتر دەبێتەوە. مەودای ئیستۆپ دابەش دەبێت بەسەر مەودای پەرچەکردارو مەودای وەستانەوە. مەودای پەرچەکردار بریتییە لەو مەودایەی فریادەکەویت بیبڕیت لەو چرکەیەدا کە کاردانەوە پێیدەچێت. مەودای وەستانەوە بریتییە لەو مەودایەی ئۆتومبیلەکەی تیا دەوەستێتەوە لەو کاتەوە کە قاچ بە پایەدری ئیستۆپدا دەنێیت تا ڕاوەستان.

## قایشی خۆبەستنەوە گرنگترین ئامرازی دڵنیایی ئوتومبیلە

لە سوید بەپێی یاسا دەبێت هەموو کەسێک قایشی ئوتومبیل بەکاربهێنێت. بێگومان قایشی ئوتومبیل لە کوشنەکانی پێشەوە و پشتەوەی ئوتومبیلدا گرنگترین ئامرازی دڵنیاییە. گەر هەموو کەسێک قایشی ئوتومبیلی بەکاربهێنایە، دەکرا لە هاتوچۆی سویدیدا ساڵانە نزیکەی ژیانی ٨٠ کەس لەمردن بپارێزرایە. لەڕێگای بەکارهێنانی قایشی ئوتومبیلەوە دەکرێت، مەترسی مردن و برینداری سەخت لەحاڵەتی پێکداداندا نیواونیو کرێت.

## برینداری سەخت تەنانەت لە خێرایی کەمیشدا

بەبێ خۆبەستنەوە بە قایش لە باشترین حاڵەتدا بە خێرایی ٧ کم/ کاژێر لە پێکداداندا ڕزگارت دەبێت، بەمەرجێک پێشبینی پێکدادانەکە بکەیت، و هێندە بەهێز بیت کە بتوانیت خۆت بگریتەوە. بە خێرایی ژێر ٥٠ کم/ کاژێر بە توندی دەتدات بە سوکان، جامی پێشەوە یان بە شوێنێکی تری ئوتومبیلەکەدا، گەر بە قایش خۆت نەبەستبێتەوە.

## نەفەر لە حاڵەتی پێکداداندا قورسە

مەرجە نەفەر لە کوشنی پشتەوەشدا بە قایش خۆی بەستبێتەوە. ئەو کەسەی خۆی نەبەستبێتەوە لە حاڵەتی پێکداداندا بە توندی فڕێدەدرێت بۆ پێشەوە، کە لەوانەیە بەر نەفەری پێشەوەی خۆی بکەوێت و بیکوژێت.



# منداڵ لە گەورە زیاتر پێویستی بە پاراستنە

ئیستۆپگرتنێکی قایم لەناکاودا، پێکدادانێک بە خێرایی ٤٠ کم/ کاژێر، بەسە بۆ ئەوەی منداڵ لە ئۆتومبیل سواربووندا بریندار بێت. ساڵانە چەندین منداڵ بریندار دەبن و دەکوژرێن لەبەر ئەوەی لە سواربووندا خۆیان بەقایش نەبەستۆتەوە یان ئامرازێکی تری پاراستنی منداڵیان بە ڕێکوپێکی بۆ بەکارنەهاتووە.

## جەستەی بچووک پێویستی بە پاراستنی زیاترە

کەللەی منداڵ بەرێژە لەگەڵ لەشیدا گەورەو قورسە، وە ملیش پارچە پارچەیە. کاتێک ئۆتومبیل تووشی پێکدادانێک دەبێت سەری منداڵەکە بە توندی بۆ پێشەوە و پشتەوە یەت و دەچێت. بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت لەو گوشارە بەهێزە ڕزگاری بێت، پێویستی بە پاراستنی زیاترە.
دکتۆر و لێتوێژەرەوە ڕادەسپێرن کە دەبێت منداڵ تا تەمەنی ١٠-١٢ ساڵ قایشەکورسی و قایشەتەختە بەکاربهێنن. بەپێی یاسا مەرجە ئەو منداڵانەی کە لە ١٣٥ سم کورترن، ئامرازی تایبەتی پاراستن بەکاربهێنن، لە بابەتی کورسیلەی ساواپارێز، کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیل ، قایشەکورسی یان قایشەتەختە.

## بە بەرووپشتی باشترین بارە

واچاکە لە سواربووندا منداڵ تا نزیکەی چوار ساڵان بۆ دڵنیایی بە بەرووپشتی بگوێزرێنەوە. کورسی منداڵ پارێز بە بەرووپشتی گووشارە بەهێزەکە لەخۆ دەگرێت و سەرو ملی منداڵ کە ناسکن باش دەپارێزێت. ئەو منداڵانەی لە سواربووندا لە کورسی منداڵ پارێزدا ڕووو لەپێشەوە دادەنرێن پێنج هێندە زیاتر مەترسی مردن و بریندار بوونیان دەکەوێتە سەر بەبەراورد لەگەڵ ئەو منداڵانەی بە بەرووپشتی کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیلیان بۆ دادەنرێت. لەبەر ئەوە پەلە مەکە لەوەی کورسی منداڵەکەت ڕوو لەپێشەوە دانێیت. بە پێی ڕاسپاردە چەند بۆت دەکرێت کورسی منداڵ بە بەرووپشتی دانێ، لەباری ئاساییدا تا منداڵەکە دەبێت بە نزیکەی چوار ساڵ.

## ئێرباگ بەشێکە لە سیستمی دڵنیایی لە ئۆتومبیلدا

ئێرباگ و قایش پێکەوە سیستمێکی دڵنیایی باشن لە ئۆتومبیلدا. بەڵام ڕەنگە دانانی ئێرباگ لە شوێنی کوشنی نەفەردا مەترسیەکی گەورە بۆ ژیانی منداڵ دروست بکات. لەلایەکی ترەوە ئێرباگی لاتەنیشتەکان مەترسی بۆ منداڵ لەناو کورسی منداڵ پارێزدا دروست ناکات.

## ئێرباگ لە شوێنی کوشنی نەفەردا لەکار بخە

کورسی بەرووپشتی منداڵ پێکەوە لەگەڵ کوشنی ئێرباگداری نەفەردا مەترسیەک بۆ ژیان دروست دەکەن. ئەو هێزەی کە ئێرباگ لە پێکداداندا دەردەپەڕێنێت زۆر گەورەیە، ڕەنگە هێزێکی لەناوبەربێت. بۆیە هەرگیز نابێت کورسیلەی ساواپارێز، کورسی منداڵ پارێز، قایشەکورسی یان قایشەتەختە لە شوێنی کوشنی نەفەری ئێرباگداردا پێکەوە بەکاربهێنرن. گەر ئۆتومبیلەکەت لەو جۆرانە نیە کە خۆت بتوانیت بە کلیل ئێرباگ دابخەیت، لێگەڕێ لە فیتەرگەیەکی شارەزا ئێرباگەکەت بۆ لەکار بخەن. لە هەندێک ئۆتومبیدا ناتوانرێت ئێرباگ لەکاربخرێت. کاتێک درێژی منداڵ بوو بە ١٤٠ سم، ئنجا وای لێدێت بە دڵنیایی لە کوشنی ئێرباگداری پێشەوەدا دانیشێت.

نابێت نەفەری زیاتر لە ئوتومبیلدا سووار‌بێت، وەک لەوەی ئوتومبیلەکەی بۆ تۆمار کراوە. دەشێت نەفەر لەو شوێنانەدا سووار‌بن کە بۆ دانیشتنی نەفەر لە ئوتومبیلدا تەرخانکراوە.

## بیربکەرەوە لەوەی کە:

- مەرجە ئەو ئامرازانەی کە دەمەزرێنرێن بۆ منداڵ و ئوتومبیلەکەت دەست بدەن
- هەمیشە پێش کڕین ئامڕازەکە تاقی بکەرەوە.
- ڕێنماییەکان بەجوانی پێڕەو بکە
- کۆنترۆڵی ئەوە بکە کە منداڵ بە دڵنیایی دانیشێت و بە ڕێکوپێکی بەر لە لێخوڕین بەقایش خۆی بەستبێتەوە
- منداڵ هەرگیز نابێت وەک نەفەر لە کوشنی پێشەوەی ئوتومبیلدا دانرێت گەر ئێرباگی نەفەر کارا بێت.
- کاتێک تەکسی دەگریت بزانە کورسیلەی منداڵ پارێز ، قایشەکورسی یان قایشەتەختەی تێدایە.
- تۆی گەورە بەرپرسیاریت لەوەی کە منداڵ لە ئوتومبیلدا قایش یان هەر جۆرە ئامڕازێکی تری پاراستن بەکاربهێنێت وەک : کورسی منداڵ پارێز یان قایشەکورسی.

## جۆرێکی پەسەندکراو تاقی بکەرەوە

بچۆ بۆ فرۆشگەیەک تا لەوێ زانیای لەلایەن کارمەندێکی شارەزاوە وەرگریت و یارمەتیت بدات و کورسیەکە بۆ منداڵەکەت لە ئۆتومبیلدا تاقی بکاتەوە. مەرجە کورسیەکە بۆ کێشی منداڵەکەت بشێت. بیربکەرەوە لەوەی کە کورسی بەرووپشتی وا هەیە کە بۆ بەکارهێنان لە کوشنی دواوە ناپەسەندە. ووریابە لەوەی کە کورسیلەی ساواپارێز، کورسی منداڵ پارێز ، قایشەکورسی یان قایشەتەختە دەبێت لەو جۆرانە بن کە لە ئەوروپادا پەسەندن و بە پیتی E نیشانەکراون بەپێی فەرمایشتەکانی EG یان ڕێسای ژمارە ECE-reglemente ٤٤-٠٣ ، یان ڤێرشنی نوێتر. واتە ژمارەی پەسەندکردنەکەی لە ژمارە ٠٣ یان ٠٤ ەوە دەست پێدەکات.




## یاسا چیمان پێدەڵێت؟

لە سوید بەپێی ڕێساکان، هەموو ئەوانەی کە سواری ئۆتومبیل دەبن مەرجە قایش بەکاربهێنن. جگە لەوە هەموو ئەو منداڵانەی لە ١٣٥ سم کورتترن ئامرازی تایبەتی پاراستن بەکاربهێنن، وەک: کورسیلەی ساواپارێز، کورسی منداڵ پارێزی ئوتومبیل ، قایشەکورسی یان قایشەتەختە.

ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە سێ ساڵ کەمترە بۆیان نیە لەو ئوتومبیلانەدا بگوێزرێنەوە کە بواری بەکارهێنانی ئامرازی تایبەتی منداڵ پاراستنی تیا نیە، تەنها لە حاڵەتی سەفەری کورتدا نەبێت بە تەکسی. گەر بە تەکسی لەگەڵ منداڵدا لە سەفەری کورتدا بیت و ئامرازی تایبەتی پاراستنی منداڵی تیا نەبێت، دەبێت منداڵەکە لەدواوە سواربێت و قایش بەکاربهێنێت.

ئەو منداڵانەی کە سێ ساڵ یان زیاترن بەڵام لە ١٣٥ سم کورترن بۆیان نیە لەو ئوتومبیلانەدا سواربن کە بواری بەکارهێنانی ئامرازی تایبەتی منداڵ پاراستنی تێدا نیە. بەڵام بە ڕێکەوت لە حاڵەتی گواستنەوەی کورتدا ڕێگەپێدراوە. ئەگەر بکرێت لەو حاڵەتانەدا دەبێت منداڵەکە لە جیاتی ئەوە قایشی ئوتومبیل بەکاربهێنێت وە بۆی نیە لە کورسی پێشەوەدا سواربێت، چ لە ئوتومبیلی تایبەتی و چ لە لۆری سووکیشدا.

هەموو ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە سێ ساڵ زیاترە و بە بوس دەگوێزرێنەوە، مەرجە قایشی دڵنیایی بەکاربهێنن یان ئامرازێکی تری پاراستنی منداڵ، کە لە بوسەکەدا هەبێت. بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سویدی هەمووان ڕادەسپێرێت کە قایشی ئوتومبیل بەکاربهێنن، تەنانەت ئەو منداڵانەش کە لە سێ ساڵ بچووکترن.



# کورسیلەی ساواپارێز

## لە منداڵی تازەلەدایکبووەوە تا نزیکی ٩ ساڵان

کورسیلەی ساواپارێز بۆ ساوا سەلامەت و خۆشە. ڕەنگە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵدا پێویست کات بۆی بگۆڕی بە مۆدێلێکی گەورەتر.

### بە وورياى جۆرێک هەڵبژێرە

دەبێت کورسیلەی ساواپارێز نەگەورە بێت نەبچووک. منداڵە ساواکە دەبێت شوێنەکەی جێگیر و خۆش بێت، و هەموو سەری منداڵەکە بپارێزێت. تێبینی بکە کاریکۆت و تۆڕی پاراستنی کەلوپەلی تایبەت بە عەرەبانەی منداڵ پاراستنی باش دەستەبەر ناکات. گەر هێشتا دەتەوێت یەکێک لەو جۆرانە هەڵبژێریت، دەبێت منداڵەکە وادانێیت ڕووی سەری لە ناوەڕاستی ئۆتومبیلەکە بێت. دەبێت کورسیلەی ساواپارێز، کاریکۆت و تۆڕی پاراستنی کەلوپەلی تایبەت بە عەرەبانەی منداڵ لەو جۆرانە بێت کە لە ئەورووپادا پەسەندن و بە پیتی E نیشانە کراون، لەسەر ئەمە زیاتر لە پەرەی ٨ دا بخوێنەرەوە لەژێر سەردێری "دانەیەکی پەسەند هەڵبژێرە و تاقی کەرەوە".

### لە پێشەوە یان لە دواوە

کورسیلەی ساواپارێز بە بەرووپشتی لە کوشنی پێشەوە یان دواوەی ئۆتومبیلدا دادەمەزرێنرێت. گەر لە ئۆتومبیلدا گەورە بەتەنها هەر خۆی بوو، وا دڵنیاترە کە هەمیشە منداڵە بچووکەکە لای خۆیەوە لە کوشنی پێشەوەدا دانێت. لەو حاڵەتەدا مەرجە ئێرباگی شوێنی نەفەر لەکارخرابێت. گەر دوو کەسی گەورە لە ئۆتومبیلدا بوو، وا دڵنیاترە لە سواربووندا گەورەیەکیان لە دواوە لای منداڵە ساواکەوە بێت.

### قایش ساواپارێزەکە لە شوێن خۆی جێگیر دەکات

ساواپارێز مەرجە بە جێگیری دانرێت. زۆر خواری مەکەرەوە. قایشی کورسیلەی ساواپارێزەکە منداڵ لە شوێن خۆی جێگیر دەکات، و قایشی ئۆتومبیلەکەش کورسیلەی ساواپارێز لە شوێن خۆی جێگیر دەکات. چەند بکرێت مەرجە مەودای نێوان ساواپارێزەکە و داشبڵ یان بۆ کوشنی پێشەوە زۆر بێت. لە زووربەی حاڵەتدا قایشی ئۆتومبیلەکە بەشی «کەمەر» دەبرێت بەسەر کورسیلەی ساواپارێز و منداڵدا، لە کاتێکدا «بەشە لارەکەی» دەهێنرێت بە پشت کورسیلەی ساواپارێزدا. وورپابە کە چەندین مۆدێل لە بازاڕدا هەیە، ڕێنماییەکان پێڕەو بکە.

### بە وورەی کۆنترۆڵی ئەم شتانە بکە:

- مەرجە منداڵەکە قایشی کورسیلەی ساواپارێزەکە بەکاربهێنێت.
- مەرجە قایشی ئۆتومبیلەکە کە کورسیلەی ساواپارێز لە شوێن خۆی جێگیر دەکات ڕێک بێت.
- کەی سەری منداڵەکە لە قەراغی کورسیلەی ساواپارێز دەرچوو، ئیتر بۆ منداڵەکە دەست نادات.
- هەرگیز نابێت منداڵ لە شوێنی نەفەردا دانرێت گەر ئێرباگی شوێنی نەفەر کارابێت. لێگەڕێ لە فیتەرگەیەکی شارەزا ئێرباگەکەت بۆ لەکار بخەن، گەر ئۆتومبیلەکەت لەو جۆرانە نیە کە خۆت بتوانیت بە کلیل ئێرباگەکە دابخەیت.

# کورسی بەروپشتی منداڵ

## لە نزیکەی ٧ مانگیەوە بۆ ٤ ساڵ

کاتێک منداڵ وای لێدێت کە بێ جووڵە دانیشێت بێ ئەوەی پشتگیری بکەیت، ئیتر کاتی گۆڕینی کورسیلەی ساواپارێز دێت بە کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیلی بەروپشت. هەڵبەتە بە بەروپشتی لە سەر کوشنی پێشەوە یان دواوەی ئۆتومبیلدا دادەمەزرێنرێت. کۆنترۆڵ بکە بزانە کورسیەکە لەو جۆرانەیە لە پێشەوە یان دواوەی ئۆتومبیلدا دادەمەزرێنرێت. بیر لەوە بکەرەوە کە مەترسی بریندار‌بوونی منداڵ لە پێکداداندا گەورەترە، گەر لە کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیل بەباری خۆیدا دانیشێت.

### ڕێنماییەکانی دامەزراندن پێڕەو بکە

کورسی منداڵ پارێز بەروپشت بە جێگیرکەی تایبەت دادەمەزرێنرێت. قایشی ئۆتومبیل یارمەتی ئەوە دەدات کە کورسیەکە لە شوێن خۆی نەجمێت. لە کورسی پێشەوەدا هەمیشە دەبێت کورسیەکە بە لاری پاڵ بدات بە داشبلێکەوە (نەک بە جامی پێشەوە). دیارە ئەو کورسیانەی لە کوشنی پشتەوە بەکاردەهێنرێت، ڕاگرەقاچی هەیە کە لە زەمینەی ئۆتومبێلەکە گیردەبێت. تێبینی ئەوە بکە کە چەندین مۆدێل لە بازاڕدا هەیە، ڕێنماییەکان پێڕەو بکە.

### پەلە مەکە لە وەرگێرانی ڕووی منداڵەکە!

چەند بکرێت ماوەیەکی درێژتر منداڵی بچووک دەبێت بە بەروپشتی سووواربن. کاتێک سەری منداڵ باش جێگەی نابێتەوە یان کاتێک کێشی منداڵەکە لە سنوور تێدەپەڕێت، ئیتر کورسیەکە بۆ منداڵەکە دەست نادات. ئەو دەمە کاتی گۆڕینی کورسیەکە دێت بە مۆدێلێکی گەورەتر لە جۆری بەروپشت. ئەو کورسیانەی کە پەسەندە بە دیوی خۆیدا بەکاربهێنرێت، لەباری ئاساییدا دەبێت قایشی کورسیەکە و جێگیرگەکە لابرێن. لەجیاتی ئەوە دڵنیاترە کە قایشەکورسی یان قایشەتەختە هەڵبژێریت کە قایشی کوشن زاڵ دەبێت بەسەر کەمەرو ڕانی منداڵەکەدا.

### بە ووردی کۆنترۆڵی ئەم شتانە بکە:

- دەبێت کورسی منداڵ پارێز لە ئەورووپادا پەسەندبێت و بە پیتی E نیشانە کرابێت، لەسەر ئەمە زیاتر لە پەڕەی ٨ دا بخوێنەرەوە لەژێر سەردێڕی "دانەیەکی پەسەند هەڵبژێرە و تاقی کەرەوە".
- کورسی منداڵ هەمیشە بە جێگیرکەی تایبەت دادەمەزرێنرێت. کورسیەکە بپەستێنە و شریتەکەی توند ڕاکێشە بۆ ئەوەی کورسیەکە باش جێگیر بێت.
- دەبێت منداڵەکە ئەو قایشە بەکاربهێنێت کە هێنی کورسیەکەیە. دەبێت قایشەکە ڕێک بێت. بزانە ئەو بەشە قایشەی کە بۆ «کەمەرە» زۆر بەرز نەبێت. دەبێت بەسەر ڕانی منداڵەکەدا تێپەڕێت، نەک بەسەر سکیدا.
- هەرگیز نابێت منداڵ لە شوێنی نەفەردا دانرێت گەر ئێرباگی کوشنی نەفەر کارابێت. لێگەڕێ لە فیتەرگەیەکی شارەزا ئێرباگەکەت بۆ لەکار بخەن، گەر ئۆتومبیلەکەت لەو جۆرانە نیە کە خۆت بتوانیت بە کلیل ئێرباگەکە دابخەیت.
- گەر دڵنیانیت ئایا کورسیەکە پەسەندە لە کوشنی پشت و پێش ببەسترێت، پەیوەندی بە فرۆشیارەوە بکە.





# قایشە کورسی/ تەختە

## لە نزیکەی ٤ساڵ بۆ ١٠-١٢ ساڵ

دکتۆر و لێتوێژەرەوە ڕادەسپێرن کە دەبێت منداڵ تا تەمەنی ١٠-١٢ ساڵ قایشەکورسی و قایشەتەختە بەکاربهێنێت. تا پەیکەرە ئێسکی منداڵ تەواو گەشە نەکات، پێویستە منداڵەکە بەرزکرێتەوە بۆ ئەوەی قایشی ئوتومبیل بتوانێت لەشی منداڵەکە بپارێزێت. بەپێی یاسا هەموو ئەو منداڵانەی لە ١٣٥ سم کورترن دەبێت ئامرازی تایبەتی پاراستن بەکاربهێنن، وەک: کورسیلەی ساواپارێز، کورسی منداڵ پارێزی ئوتومبیل ، قایشەکورسی یان قایشەتەختە.

### بزانە قایشەکە جێگای خۆی گرتووە

پارمەتی منداڵەکە بدە بۆ ئەوەی قایشەکە بەرێکی بڕوات – نزیک بە گەردنی، بەسەر ئێسکی سنگیدا و بۆ خوارەوە بەسەر ڕانیدا- نەک بەسەر سکیدا. هەتا لە لەشەوە نزیکتر بێت، باشتر منداڵەکە دەپارێزێت. هەوڵبدە جلوبەرگی ئەستور لە بەریدا سووک کەیت وە بەشە قایشی «کەمەر» ڕاکێشە و بیهێنە بە ژێر جلەکانیدا.

### کامیان قایشەکورسی یان قایشە تەختە

جیاوازی نێوان قایشەکورسی و قایشەتەختە پەیوەندی بە پشتگیریە بەرزەکەی پشتیەوە هەیە. گەر منداڵەکە لە شوێنێکدا دانیێت کە پاڵپشتی کەڵەی نەبێت، باشترین شت قایشەکورسیە . کورسیەکە پارمەتی ئەوەش دەدات کە قایشەکە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە کاتێک منداڵەکە خەوی لێدەکەوێت.

### ئێرباگەکەت لەکار بخە!

ئەو منداڵەی کە لە قایشەکورسی یان قایشەتەختە بە دیوی خۆیدا دادەنرێت، مەترسی بریندار بوونی لێدەکرێت گەر لە شوێنی کوشنی نەفەری ئێرباگداردا دانرێت. کاتێک درێژی منداڵ بوو بە ١٤٠ سم، ئنجا دەکرێت بە دڵنیایی لە کوشنی ئێرباگداری پێشەوەدا دانیشێنرێت.

### بە ووردی کۆنترۆڵی ئەم شتانە بکە:

- قایش دەبێت منداڵەکە و کورسیەکە یان تەختەکە هەردووکیان ڕاگرێت و جێگیریان بکات. دەبێت قایشەکە ڕێک بێت.
- هەرگیز مەهێڵە قایشەکە بکەوێتە ژێر باڵی منالەکەوە
- قایشەکە دەبێت لە نزیک ملدا ئارام بگرێت
- بزانە ئەو بەشە قایشەی کە بۆ ”کەمەر“ زۆر بەرز نەبێت. دەبێت بەسەر ڕانی منداڵەکەدا بڕوات، نەک بەسەر سکیدا.
- لێگەرێ لە فیتەرگەیەکی شارەزا ئێرباگەکەت بۆ لەکار بخەن، گەر ئۆتومبیلەکەت لەو جۆرانە نیە کە خۆت بتوانیت بە کلیل ئێرباگەکە دابخەیت.
- قایشەکورسی یان قایشەتەختە دەبێت لە جۆرێکی پەسەندی ئەوروپی بێت و بە پیتی E نیشانە کرابێت، لەسەر ئەمە زیاتر لە پەرەی ٨ دا بخوێنەرەوە لەژێر سەردێری ”دانەیەکی پەسەند هەڵبژێرە و تاقی کەرەوە“.

تا تەمەنی ٤ ساڵ). کەشەی منداڵ بەرێژە لەگەڵ لەشیدا گەورەو قورسە، وە ملیش پارچە پارچەیە. کاتێک ئوتومبیل تووشی پێکدادانێک دەبێت سەری منداڵەکە بە توندی بۆ پێشەوە و پشتەوە دێت و دەچێت. سوارکردنی منداڵ بە بەرووپشتی لە حاڵەتی پێکدادانداا پارێزگاریەکی باشتری بۆ دەستەبەردەکات.

## کورسی منداڵی ناتواناو کەم ئەندام funktionshinder لەکوێ دەستدەکەوێت؟

هەندێک منداڵی ناتواناو کەم ئەندام ناتوانن ئەو کورسیانە بەکاربهێنن کە بۆ منداڵی ئاسایی دروستکراون و لە بازاڕدا هەن بۆ فرۆشتن. واتە ئەو منداڵانەی کە لە جووڵەدا بە شێوەی جۆراوجۆر ناتوانان. مەڵبەندی ئامرازەکانی یارمەتیدان

(Hjälpmedelscentralen) بە هاوکاری لەگەڵ مەڵبەندی بەگوڕ هێنانەوەدا (habiliteringen) دەتوانن ئامۆژگاریتان بکەن و یارمەتی پراکتیکیتان بدەنێ لەسەر چۆنیەتی گونجاندنی کورسی منداڵ پارێز یان ڕێنمایی دانیشتن لە ئوتومبیلدا. کتێبێک هەیە بەناوی (چۆن بە دڵنیایی لەگەڵ منداڵی ناتواناو کەم ئەندامدا سووار دەبیت

Åka säkert – om trafiksäkerhet för"
"barn med funktionshinder ) دەکرێت لە زانکۆی تەندروستی لینشۆپین Hälsouniversitetet i Linköping داوا بکرێت، یان لە پەیمانگای ڕێگاوبان و هاتووچۆ (och transportforskningsinstitut کورتکراوەکەی(VTI) یان لە Riksförbundet) (för rörelsehindrade barn och ungdomar کە کورتکراوەکەی(RBU).

## گەر نیواشت بکری، دەبێت بیر لەچی بکەیتەوە؟

دەبێت کورسیەکە ئەزیەتی پێنەگەیشتبێت. بەرگەکەی لێکەرەوە بزانە لاشەکەی و ئەو شوێنانەی بۆ گووشار کەوتنەسەرە هیچی لێ نەهاتووە. کۆنترۆڵی بکە هەموو پارچە و ڕێنماییەکانی دامەزراندنی لەگەڵە. بزانە لەو جۆرانەیە کە لە ئەورووپادا ناسراوە و بە پیتی E نیشانەکراوە، بەپێی ژمارەی پەسەندی کە لە ژمارە ۰۳ یان ۰٤ەوە دەست پێدەکات.

## ژنی دووگیان - دەبێت بیر لەچی بکاتەوە؟

دەبێت قایش بەکاربهێنێت، بۆ دایکەکە و بۆ کۆرپەی ناو سکیش دڵنیاییەکی باشە. قایش دەهێنرێت بەسەر ئێسکی سنگدا بەبن وورگدا و بەسەر ڕاندا دەبرێت. چەند بۆت بکرێت لە کۆتایی ماوەی دووگیانیدا خۆت لە لێخوڕین بەدوور بگرە. ڕەنگە سوکان و ئێرباگ لە حاڵەتی ڕووداودا زیان بە کۆرپە بگەیەنن. قایشی تایبەت بۆ ژنی دووگیان هەیە، بەڵام ڕادەی دڵنیایی بەرز ناکاتەوە، بەڵکو تەنها بۆ ئیسراحەتە.

## کەی منداڵ بۆی هەیە لەکورسی ئێرباگداری پێشەوەدا دانیشێت؟

کاتێک درێژی منداڵ بوو بە ١٤٠ سم، ئنجا دەکرێت بە دڵنیایی لەکورسی ئێرباگداری پێشەوەدا دانیشێت.

## ئایا ئێرباگی لاتەنیشتەکان مەترسیان بۆ منداڵ هەیە؟

گەر منداڵ بە ڕێکوپێکی لە کورسیلەی ساواپارێز یان کورسی منداڵ پارێزی ئوتومبیلی بەرووپشتدا بە جوانی دانیشێت، مەترسی کەمە بە ئێرباگی لاتەنیشت برینداببێت.

# پرسیارو وەڵام لەسەر منداڵ لە ئۆتومبیلدا

## ئایا منداڵ دەبێت لە پێشەوە یان لە دواوە دانیشێت؟
وەک ڕێسایەک دڵنیاترین شوێن کوشنی دواوەیە - گەر مرۆڤ ڕەچاوی مەترسیەکان لە حاڵەتی پێکداداندا بکات. بەڵام بۆ ئەو منداڵانە نیە کە کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیلیان بە بەرووپشتی بۆ دادەنرێت. لە هەلومەرجێکدا کە ئێرباگی نەفەر لەکار خرابێت، ئیتر هیچ جیاوازیەک نیە لە دڵنیایی لە حاڵەتی پێکداداندا لە نێوان کوشنی پێشەوە و دواوەدا. هەڵبەتە دەبێت مرۆڤ حساب بۆ ئەوەش بکات کە منداڵی بچوک پێویستی بە چاودێریە. گەر لە ئۆتومبیلدا گەورە بەتەنها هەر خۆی بوو، ڕەنگە باشتر وابێت منداڵەکە لای خۆیەوە لە کوشنی پێشەوەدا دانێت.

## کام شوێن لە ئۆتومبیلدا دڵنیاترین جێگایە؟
ناوەراستی کوشنی دواوە دڵنیاترین شوێنە، بەمەرجێک پشتگیری کەڵە و قایشی سێ پنتیی تێدابێت. ئەم شوێنە دوورترین جێگایە بۆ هەموو پنتێکی پێکدادان.

## لەکوێ دەتوانیت کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیل بکڕیت؟
لەو فرۆشگایانەی کەلوپەلی دڵنیایی منداڵان دەفرۆشن هەروەها لەلای فرۆشیارە شارەزاکانی ئۆتومبیل. هەوڵبدە لەگەڵ کارمەندێکی شارەزادا بدوێیت.

## کام کورسیە باشترینە؟
منداڵەکە لەکورسیەکەدا تاقی بکەرەوە لە ئۆتومبیلەکەدا. دەبێت کورسیەکە لەگەڵ کێشی منداڵەکەدا بگونجێت، نەگەورە بێت نەبچووک. وا چاکە کورسیەک بکڕیت تەنیشتەکانی پتەو بێت، کە لە حاڵەتی پێکدادانی لاتەنیشتەوە منداڵ بپارێزێت.

## بەچیدا دەزانیت کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیل لە جۆرێکی پەسەندە؟
کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیل یان قایشەتەختە دەبێت لەو جۆرانە بن کە لە ئەورووپادا پەسەندن و بە پیتی E نیشانە کراون بەپێی فەرمایشتەکانی EG یان ڕێسای ژمارە ECE-reglemente ٤٤-٠٣ ، یان ڤێرشنی نوێتر. واتە ژمارەی پەسەندکردنەکەی لە ژمارە ٠٣ یان ٠٤ وە دەست پێدەکات. تەنها ئەو کورسیانەی بەپیتی T نیشانەکراون پاش ٩ ی مانگی مای ٢٠٠٨ ئیتر ناتوانرێت بەکار بهێنرێن. ( هەندێ کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیل هەیە بەهەردوو پیتی E و T نیشانەکراون).

## چۆن دەزانیت کورسیەکە بە دروستی دامەزرێنراوە؟
مۆدێلی جیاواز بە شێوازی جۆراوجۆر دامەزرێنرێت. کورسیەکی وا بکڕە کە بتوانیت زانیاری و یارمەتی لەلایەن کار مەندێکی شارەزاوە وەرگریت. ڕێنماییەکان بەجوانی پێڕەو بکە.

## کەی کورسیەکە کەڵکی نامێنێت؟
کەی وای لێهات سەری منداڵەکە لە کورسیلەی ساواپارێز یان کورسی منداڵ پارێزی ئۆتومبیلدا باش جێگەی نەبێتەوە، ئیتر کورسیلەکە بۆ منداڵەکە دەست نادات . دەبێت منداڵ بەئیسراحەت دانیشێت، سەری بپارێزرێت و شوێنی قاچی ببێتەوە. منداڵ پارێز بەگوێرەی کێشی منداڵ پەسەندە.

## کەی دەتوانیت ڕووی منداڵەکە بۆ پێشەوە وەرگێڕیت
چەند بکرێت ماوەیەکی درێژتر منداڵی بچووک بە بەرووپشتی سووارکە ( وا چاکە

**ئایا لە حاڵەتی تەنگاویدا هیچ چارەسەرێک هەیە ؟**

ئایا بۆت هەیە بە قایشێک دوو منداڵ ببەستیتەوە؟ ئایا بۆت هەیە منداڵی ساوا لە کۆشدا دانێیت؟ نەخێر، هیچ چارەسەرێک نیە بۆ حاڵەتی تەنگاوی. هەر منداڵەو شوێنی خۆی، قایشی خۆی و ئامرازەکانی پاراستنی خۆی پێویستە. هەرگیز گەورە بۆی نیە منداڵ لە کۆشیا دانێت.

**گەر منداڵ نەیویست بە بەستراوەیی دانیشێت، دەبێت چی بکەم؟**

ئوتومبیلەکە ڕاوەستێنە و پشوویەک بدە.....

**بۆت هەیە چەند کەس لە ئوتومبیلدا سوارکەیت؟**

نابێت نەفەری زیاتر لە ئوتومبیلدا سووواربێت، وەک لەوەی ئوتومبیلەکەی بۆ تۆمار کراوە. دەشێت نەفەر ئەو شوێنانە بەکاربهێنێت کە بۆ دانیشتنی نەفەر لە ئوتومبیلدا تەرخانکراوە.



# دڵنیایی لە سواربوونی ئوتومبێلدا
# – بەم شێوەیە ژیانی خۆت و منداڵەکەت دەپارێزیت

✓ **پێش کڕین تاقی بکەرەوە!**
مەرجە ئامرازەکان بۆ منداڵ و ئوتومبیل هەردووکیان دەست بدات

✓ **بە دروستی دایمەزرێنە!**
بزانە کورسی منداڵ پارێزی ئوتومبیل چۆن دامەزرێنرێت و بەکار دەهێنرێت، ڕێنماییەکان بەجوانی پێڕەو بکە.

✓ **لە وەرگێڕانی ڕووی کورسی منداڵدا پەلە مەکە!**
لێگەڕێ چەند بکرێت ماوەیەکی درێژتر منداڵەکە بە بەرووپشتی سوواربێت، وا چاکە تا ٤ ساڵی .

✓ **بە ووردی کۆنترۆڵی بکە!**
منداڵ دەبێت بەدڵنیایی دانیشێت و بە دروستی قایش بەکاربهێنێت بەر لەوەی لێخوڕیت.

✓ **ئێرباگەکەت لەکار بخە!**
بزانە ئێرباگی نەفەر لەکارخراوە. گەر منداڵ لە کورسی پێشەوەدا دانیشێنرێت، دەبێت لەکارخرێت.

نامیلکەکە بەخۆڕاییە و دەتوانیت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سوید Vägverket
داوای کەیت بۆت بنێرن ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧١-١١٩١١٩

گەر دەتەوێت زانیاری زیاتر بەدەست بهێنیت؟ تکایە پەیوەندی بکە بە:
Vägverket: www.vv.se

**Vägverket**
781 87 Borlänge
www.vv.se. vagverket@vv.se.
Telefon: 0771-119 119. Texttelefon: 0243-750 90. Fax: 0243-758 25.

VÄGVERKET. BEST.NR. 88944. NOVEMBER 2009. PRODUKTION: ATELJÉN, VÄGVERKET. FOTO: ULF PALM AB OCH ATELJÉN. ILLUSTRATIONER: MARIA ERIKSSON. TRYCK: DANAGÅRDS GRAFISKA.